# وتاری هاوڕێ کەریم ئەحمەد



سەرەتا هاوڕێ کەریم ئەحمەد بە وتەیەکی بەنرخ کۆنفرانسەکەی کردەوە، کە تێیدا هاتبوو:

هاوڕێیان..

کۆنفرانسەکەمان لە کاتێکدا گرێ دەبەستین کە گەلی کوردستانمان لە خۆئامادەکردن دایە بۆ یادکردنەوەی دەیەمین ساڵڕۆژی راپەرینە نەمرەکەی ئادار، ئەو راپەڕینەی کە سەرلەنوێ کێشەی کوردی خستەوە نێو ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە جۆرێك کە بووە یەکێك لە کێشە هەرێمایەتییە گرنگەکانی ناوچەکە، بوو بە مایەی بایەخ پێدانی رای گشتی و ژمارەیەکی زۆری وڵاتان و ناوەندە سیاسییە جیاجیاکانی ناوچەکەو جیهان و بڕیاری 688ی هێنایە ئاراوەو ناوچەی ئارامی سەپاند بۆ پاراستنی گەلی کوردو، بەشێکی فراوانی هەرێمی لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئازاد کردو، هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی بە دواداهات، سەرەرای ئەو کێشەو ئاستەنگ و قەیرانانەش کە ئەزموونەکە دووچاری بووەوە لەبەر ململانێی نێوخۆو دەستێوەردانە هەرێمایەتییەکانەوەو وێرای ئەو هەڵە گەورانەش کە لایەنەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان تێی کەوتن، ئەوا لە توانامانادا دەبوو کە بە شێوەیەکی باشتر کەڵك لە فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان وەربگرین بۆ بەرژەوەندی کێشە رەواو بزووتنەوە ئازادیخوازەکەمان.

وێرای ئەوەش راپەڕین سەرکەوتن و دەسکەوتی گەورەی بۆ گەلی کورد هێنایە دی، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کورد ئامادەگی و بایەخپێدانێکی نێودەوڵەتی رەسمی و غەیرە رەسمی ئاوا فراوان لە خۆ دەگرێ و پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان رێك دەخاو، کۆنگرەو بازنەی لێکۆڵینەوەو کۆڕو سیمینارو گفتوگۆی فیکری و سیاسی لەبارەی کێشەو ناسنامەی کوردەوە سازدەدات، ئەمە وێرای سەردان و پێشوازی کردن لەسەر ئاستێکی بەرزی وەفدە رەسمی و رۆشنبیرییەکان، هەروا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە میانەی ئەو رێکخراوو نووسینگانەیەوە کە لە کوردستاندا کار دەکەن و، بڕیاری 986و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی دیکە..

لەسەر ئاستی نێوخۆشدا بە ئاراستەی بەرفراوانکردنی کردەی دیموکراتیی و ئازادیی گشتی و ژیانی سیاسی هەمەلایەن هەنگاو نراوەو، هەروەها بۆ کەڵك وەرگرتن لە جێبەجێ کردنی بڕیاری 986 لە پێناوی چاکترکردنی ژێرخانی ئابووریدا ئەوەش لە رێگای پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئەو دوای پێداویستییەکانی کۆمەڵگا..

هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە وتەکەی ئاماژەی کرد کە:

ئەوەی لە ماوەی دە ساڵی رابردوو لە هەرێمدا هاتۆتە دی و ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندن و زێدە دیموکراسی و یەکسانییەی ئێمە دەیخوازین و بەندە بە ئاشتبوونەوەی گشتییەوە، تەنیا داواکارییەکی هەنووکەیی نییە بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێی نێوخۆ، بەڵکو زەرووڕەتێکی بابەتییە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە بۆ سەرخستنی ئەزموونەکەو پاراستنی دەستکەوتەکان و رووبەڕوو بوونەوە.

بە سەرچاوەگرتن لەمەوە، حزب هەوڵی زۆری داو لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەش کە هاتنە سەر رێگای ئەو هەوڵانەی حزب و، گەیشتنە بنبەستی پرۆسەی ئاشتی لەزۆر جێگادا بەهۆی فاکتەرو هۆکاری خودی و بابەتی بەڵام پرۆسەی ئاشتی لە سەرەتای ساڵی تازەدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی کە چەندین هەنگاو پرۆسەی ئاشتبوونەوەی بەرەوپێشەوە برد، ئەمەش لەمیانەی گۆڕینەوەی نامەی پیرۆزبایی لە نێوان کاك مەسعودو مام جەلال و چاوپێکەوتنی دوو قۆڵی و کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی هەردوولا لە سلێمانی و رێککەوتنیان لەسەر چەندین هەنگاوی ئیجرائی و سازدانی کۆبوونەوە لە داهاتوودا کە ئێمە بە دەستپێکی نوێی دەژمێرین بۆ پتەوکردنی متمانەی هاوبەش و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئاشتبوونەوەی گشتی و دووبارە یەکخستنەوەی هەرێم و بەهێزکردنی بەرەی نێوخۆ، یەکخستنی ریزەکان و ئیرادەی سیاسی کوردستانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەو رووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە دێنە بەردەم ئەزموونەکەو، رووخاندنی ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای پرۆسەی ئاشتی و دەبنە رێگر لەبەردەم هەوڵی بونیادنانی دەزگاکانی کیانی سیاسی کوردستان و، بەشداریکردنی حزبە کوردستانییەکان نەك تەنها لە وەدیهێنانی ئاشتی، بەڵکو لە وەگەڕخستنی وزەو تواناکانیشیان بۆ وەدیهێنانی نەشونمایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، رەگ پێ داکوتانی هزرو رۆشنبیریی گفتوگۆو ئاشتی و دیموکراتی و ژیانی هاوبەش لە پێناوی هێنانەدی ئاشتی لەسەر بنەمای فرەلایەنی و ململانێی بەرنامەو فکرەکان بە شێوازێکی ئاشتییانەی شارستانی و لەرێگای سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە. هەروا بۆ تەرخانکردنی فاکتەرو پەرەسەندنە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرژەوەندی کێشەکەمان و ئەوپەڕی کەڵك وەرگرتن لە بڕیاری 986و توانستەکانی هەرێم بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی ئابووری و وەدەستهێنانی دەستکەوتی زۆرتر بۆ جەماوەر لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکردن و ئەو دوای خزمەتگوزارییەکان و، ئامادەکردنی پێداویستییەکان بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان لە رێگای:

1-کۆبوونەوەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانییەوە.

2-دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی یەکگرتوو.

3-دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن.

4-چاوخشاندنەوە بە یاسای هەڵبژاردن و، رێژەی 7% بکرێ بە 1% بۆ بەرفراوانکردنی پێکهاتەی پەرلەمان و بنەمای بەشداری تێداکردنی.

5-رێککەوتنی حزبە کوردستانییە رەسەنەکان لەسەر لیستێکی ئیئتیلافی بۆ چوونە نێو هەڵبژاردنەوە.

6-زیندووکردنەوەی بەرەی کوردستانی بە بەرنامەو پرۆگرامێکی نێوخۆی نوێوە کە گونجاو بێ لەگەڵ ئەرکەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەم قۆناغەداو، بگونجێ لەگەڵ پێویستیی پشکداری کاریگەری هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رەسەن لە رووداوو پەرەسەندنە چاوەڕوانکراوەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمەکە بە جۆرێك کەماف و سەرکەوتنمان دەستەبەر بکات بۆ قورتار بوون لە دیکتاتۆری و بونیادنانی عێراقێکی دیموکراتی دەستووری هەمەلایەنەی فیدراڵ.

هەروەها گوتی: ئەم کۆنفرانسەی ئێمە وێستگەیەکی گرنگی تێکۆشانە لە ژیانی حزبمان، یادێکە کە بوارە جیاجیاکانی کاری حزبییە کۆی کردووینەتەوە لە پێناوی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوخۆو بە تایبەتیش باری رێکخستن، بۆ (مکاشفة الذات) و دەستنیشانکردنی شوێنی هەڵەو کەم و کوڕی و خاڵی هێزو لاوازیی لە کارو بۆچوونماندا بە تایبەتیش لەبەر رۆشنایی بارودۆخی ئێستاو ئەو رووبەڕوو بوونەوە گەورانەی کە دێنە بەردەممان و، ئەو پەرەسەندنە نێودەوڵەتییە ئاڵۆزانەی کە جیهانی ئەمڕۆ لەسەر ئاستە جیاجیاکاندا بەخۆیەوە دەیبینێ و رەنگدانەوەکانی لە دوارۆژدا بەسەر گەلەکەمان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی..

.متمانەیەکی تەواوم بەوە هەیە، کە لە تواناماندایە هەموو ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین، بە مەرجێك کە بە باشی لە کلتووری فیکری مارکسی-لینینی و تێکۆشانمان بگەین و، رێبازی مارکسی جەدەلی بگرینە بەر بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵگاو بە روحییەتی نوێخوازی و کارلێك و کارتێکردنی هاوبەش و بە روحییەتێکی کراوە بەسەر ئەوی دیکەی جیاوازدا هەڵسوکەوت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی قۆناغ و سەردەم دا بکەین..

دڵنیام کە حزبمان لە توانای دایە رۆڵی مێژوویی خۆی بە دروستی بگێڕێ ئەگەر چارەسەری باری فیکری و رێکخستنی چارەسەر کرد و بەسەر بوارەکانی کەم و کووری خودی (القصور الذاتي)دا زاڵ بوو لە رێگای پێداچوونەوەیەکی بەرپرسیارانە بە بوارەکانی کارو پراکتیکی حزبیداو، گۆڕینی رێکخراوە حزبییەکان بۆ رێکخراوی جیهادیی کاریگەری یەکگرتوو لەگەڵ بزووتنەوەکانی جەماوەرو سەرکردەی تێکۆشانەکانی و بە تایبەتیش کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشانی بیرو بازوو لە شارەکاندا.. هەروەك کاریگەرێتی حزب پێویستی بە بایەخ دانە بە بەرزکردنەوەی ئاستی فیکری و سیاسی ئەندامەکان، ئەویش لە رێگای بایەخدانێکی جیددی بە خۆرۆشنبیرکردن و دیاریکردنی سەرچاوەکانی رۆشنبیری و خوێندنەوەو ئاگاداربوون لە هەموو پەرەسەندنە نوێیەکان و گۆڕینی رۆشنبیر بوون لە ئەرکێکی حزبییەوە بۆ پێویستییەکی ژیاری رۆژانە..

لە بواری رێکخستنیشدا هاوڕێ گوتی:

ئێمە ئەمڕۆ لە بەردەم ئەرکی دووبارە چاوپێداخشاندنەوەداین بە بارودۆخی نێوخۆی حزبیداو بە تایبەتی پتەوکردنی پرەنسیپی مەرکەزییەتی دیموکراتی و پەیڕەوکردنی رەخنە لەخۆگرتن.

لە کۆتایی وتەکەیدا هاوڕێ کەریم ئەحمەد سڵاوی گەرمی ئاراستەی خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە نەبەردەکان و هەموو هاوڕێیان و دۆستانی حزب لە تەواوی شوێنەکانی کارو تێکۆشان و هاوڕێیانی تاراوگە کردو، بانگهێشتی هەمووانی کرد بۆ دەست لە نێو دەستنان و هەوڵدانی بێ وچان و جیهادییەت لە پێناوی سەرکەوتنی تەواو لە جێبەجێ کردنی تاوەکو جێی متمانەی رێکخراوەکانی حزب و جەماوەر بین و حزب بکەینە حزبێکی جەماوەری تێکۆشەر.

# وتاری هاوڕێ ئەبو داود



دوابەدوای هاوڕێ عەزیز محەمەد، هاوڕێ ئەبو داود گوتەیەکی پێشکەش بە ئەندامانی کۆنفرانسەکە کرد و تێیدا گوتی:

هاوڕێیانی ئازیز..

گەرمترین و جوانترین رێزو سڵاوی هاوڕێیانتان لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق پێ رادەگەیەنم و، هیوا دەخوازم کە سەرکەوتوو بن لە کۆنفرانسەکەتان و بگەنە بڕیاری جددی و عەمەلی وا کە حزب لە پێشەوەی ریزی تێکۆشەران دابنێ لە پێناوی سەرخستنی ئەزموونی کوردستان و وەدەستهێنانەوەی دەستکەوتە دیموکراتییەکان و، لە یەکخستنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بۆ رووخاندنی دیکتاتۆری و هێنانەدی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی.

هاوڕێ ئەبوو داود ئاماژەی بەوەش کرد کە:

ئێمە لە بۆنەیەکداین کە تەنیا ئاهەنگ گێڕان نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی لێرەدا پێداچوونەوەو راستکردنەوەی کاروانەکەمان و، هەڵێنجاندنی ئەزموون و گەرانی بوێرانەیە لە شکست و کەم و کوورییەکان بۆ چارەسەرکردنیان.

سیاسەتی حزب جێگای رەزامەندیی جەماوەر بوو، چ لە بارەی سوربوونمان لەسەر رێبازی ئاشتی و، ئاشتبوونەوەو یەکلایی لە کوردستانداو، چ لەو هەنگاوە یەك لەدوای یەکانەی کە پێشنیارمان کرد بە تایبەتیش بۆ هەردوو حزبی پەیوەندیدار لە پێناوی وەدیهێنانی وەرچەرخانێکی جیددی و بەرهەمهێن..

ئێمە سیاسەتەکانی خۆمان لەسەر بنەمای هیواو نیازەکان بونیادنەناوە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و ئەو رووداوانە کە هەرێمەکەو تەواوی نیشتمانی عێراق تێیدا دەژین.

هاوڕێ جەختی لەسەر ئەوەش کرد کە: ئێستا مەترسی و رووبەڕوو بوونەوەی جیددی دەورو خولی عێراق و بە تایبەتیش کوردستان دەدەن، کە سوربوونمان لەسەر ئاشتبوونەوەو ئاشتی هان و پاساویش دەدەنەوە. بۆیە هەر دەبێ هەوڵەکانمان لەو پێناوەدا درێژە پێ بدەین، تاوەکو دروشم و هەڵوێستەکانمان بە رووداوی نوێ، بە وەرچەرخانێکی نوێ لە بارودۆخی سیاسیدا بگەیەنین بە جۆرێك کە ئاکامەکان خزمەت بە تێکۆشانی گەلی کورد بکەن لە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی دا کە ئێستا خۆیان لە فیدرالیزمدا دەبیننەوە، هەروا خزمەت بە تێکۆشانی گەلی عێراق بکات بۆ دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو، ئەمە ئەگەر سیاسەتەکانمان دروست بوو، ئەگەر هیوامان گەورە بوو بەوەی کە ئەم سیاسەتە دەمانگەیەنێتە سەرکەوتن. کەواتە ئەرکی حزبمان چییە، حزبمان حزبی شیوعی کوردستان؟

چۆن بەشێوەیەکی کاریگەرترو جیددیانەتر پشکداری بەرهەمهێنانەوەی ئەزموونی دیموکراتی بکەین؟

بۆ بەشداریکردنی خەباتی گەلی عێراق بۆ هێنانەدی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی، ئێمە پێویستیمان بە حزبێکە پڕاوپڕ لە زیندوویی، پڕ لە دینامیکییەت، پڕ لە بزاوتن و چالاکیی کاریگەر، یەکگرتوویی لە نێوخۆیی بێ، یەکێتیی نێوخۆی، تاوەکو ئەو حزبە شایستەتر بێ بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پێگەی گونجاوی خۆی جێگیر بکا لە نێو کاروانی کوردستان و کاروانی عێراقیدا، پێویستیمان بە حزبێکە خاوەن پەیوەندییەکی قووڵ و بەرفراوان بێ لەگەڵ بەرفراوانترین ناوەندی جەماوەری. پەرەسەندنە سیاسییەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوکاتیش پێویستە شیوعییەکان لە شوێنی کاریگەری خۆیاندا بن. پێویستە ئەوەندە هێزو توانستمان هەبێ کە هەمیشەو تاهەتایە لەگەڵ جەماوەردا پێکەوەلکاو بین، دەربڕی بەرژەوەندی و داواکارییەکانیان بین لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەك کە مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی لە سایەی بارودۆخێکی دیموکراسیدا دابینکراو بن.

لە کۆتایی گوتەکەیدا هاوڕێ ئەبوو داود گوتی:

سەرلەنوێ هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازم، بۆ گەیشتن بەو بڕیارە گونجاوانەی کە حزبی شیوعی کوردستانیمان دەکاتە فاکتەرێکی کاریگەر لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، لە بونیادی کوردستانی نوێدا، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو.

## پەیامی ماتەمگێڕانی رۆژی شەهیدی شیوعی بۆ بەڕێزان کاك مەسعودو مام جەلال

زۆر بەڕێز کاك مەسعود بارزانی..

زۆر بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی..

ئێمەی ئامادەبووان و دۆست و کەس و کارو هاوڕێیانی شەهیدان لە کۆڕی ماتەمگێڕی رۆژی شەهیدی شیوعی بەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشەوەو لە روانگەی پەرۆشیمان بۆ رەوایی مەسەلەی کوردو ئامانجە پیرۆزەکانی.. داواتان لێ دەکەین کە هەرچەند زووە هەوڵ و کۆششەکانی ئاشتی و ئاشتبوونەوە دەست پێ بکەنەوەو کاری زیاترو جددی بکەن، بە هاوکاری و هاوپشتی ئاشتیخوازانی گەلەکەمان لە پێناو مۆرکردنی رێککەوتننامەیەك کە مایەی چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نائارامە بێت لە سەرانسەری کوردستانداو ببێتە زەمینەیەکی پتەو بۆ رێکخستنەوەی ماڵی کورد بە پێکهێنانەوەی ئیدارەیەکی یەکگرتوو..

لەگەڵ رێزماندا

کۆڕی ماتەمگێڕی
شەهیدی شیوعی
هەولێر
2001/2/14

زۆربەرێز کاك مەسعود بارزانی..

زۆر بەرێز مام جەلال تاڵەبانی..

ئێمەی ئامادەبوانی کۆڕی رۆژی شەهیدی شیوعی لەعێراق و کوردستاندا بەپەرۆشەوەو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە داواتان لێدەکەین کە زووبەزوو هەوڵ و کۆششەکانی ئاشتی و ئاشتبوونەوە دەست پێ بکەنەوە. بەهاوکاری ئاشتیخوازانی گەلەکەمان. لەپێناو مۆرکردنی رێکەوتننامەیەکدا کە بارودۆخەکە لەسەرانسەری کوردستانی عێراق هێورتر بکاتەوە و ئیدارەکەی هەرێم یەکبخاتەوە.

لەگەڵ رێزماندا..

ئامادەبوانی کۆڕی یادی رۆژی شەهیدی شیوعی لە هۆڵی رۆشنبیری
سلێمانی
ئێوارەی 13/ 2/ 2001

# وتاری هاوڕێ عەزیز محەمەد



دوابەدوای وتەکەی هاوڕێ کەریم ئەحمەد، هاوڕێ عەزیز محەمەد وتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا هاتبوو:

خۆشحاڵم کە ئامادەی ئەم رووداوە گرنگە لە مێژووی حزبدا دەبم کە هیوادارم کارەکانی بە تەواوی سەرکەوتووبن و، هەنگاوێکی دیکەی گرنگ بێ لەسەر رێگای دانانی حزب لە پێشەوەو لەسەر لوتکەی توانستدا، لە تەك ئەو دوای هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی دیکە، بۆ رابەرایەتی کردنی کاروانی تێکۆشان رووەو سەرکەوتن، ئەوەش بەوەدی هێنانی عێراقێکی هەمەلایەنی فیدراڵ، لە سایەیدا گەلی کورد خاوەن پەیوەندییەکی فیدراڵ بێ.

..ئێستا گەلی کوردستان شتێکی هەیە کە دەبێ دەستی پێوەبگرێ و بەرگری لێ بکرێ، بە پێچەوانەوە لە دەست دەچێ. دیارە شتێکیش نییە لە کێشەی گەلی کورد رەواتر بێ، ئەوەی لە ئێمە داوا دەکرێ تەنیا سەلماندنی ئەم رەوایەتییە نییە، بەڵکو دابینکردنی پێداویستی و هۆکارەکانی سەرکەوتنیشێتی، بۆیە زۆر گرنگەو، وەکو پێداویستییەکی ژیاریش، کە زۆر بە باشی بیر لە وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست بکەینەوە، لە پێشەوەی ئەم ئیجرائاتانەو لە هەمووشیان گەشەدارتر، یەکێتیی گەلی کوردستان و پێشەنگە سیاسییەکانیەتی. ئەگەر لە ئێستادا وەدیهێنانی ئەم ئامانجە زەحمەت بێ، ئەوا زۆر پێویستە کە هەنگاوی ئینتیقالی بنێین، ئەمەش بە هاوئاهەنگی و رێککەوتن لەسەر چەندین لەو کێشانەی کە لە توانادان. هەنگاوی لەم جۆرە لە توانای دا دەبێ کە دۆخەکە ببزوێنێ و لەم حاڵەتی بەستەڵەکە دەرمان بکات و، کەشی کاری هاوبەش گونجاوتر بکات و، دەرگاو رێگاکانی لەبەردەم وەدی هێنانی ئامانجی سەرەکیدا بکاتەوە.

واش لە حزبمان چاوەڕوان دەکرێ کە رۆڵێکی کاریگەر لەم بارەیەوە بگێڕێ و، ئەویش (واتە حزب) شیاوی ئەم کارەیە، بەوەی کە تەواوی هێزی خۆی بۆ پتەوکردنی شوێن و پێگەی خۆی و، یەکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بخاتە گەڕ، بەرەیەك کە شان بەشانی پەرەسەندنە نوێیەکان هەنگاو بنێ، ئەمەش لەگەڵ بایەخدان بە تەنسیق کردن لەگەڵ لایەنە چەپەکان، کە ئەمەی دوایی هیچ رێگرییەکی نابێ لەبەردەم هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی بەرەی کوردستانی، وەك هەندێك بۆی دەچن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەکرێ لە بەرژەوەندی ویدا بێ، ئەمەش وێرای گریمانەکردنی هەندێ حەساسییەت.

.. بەڵێ حزبمان دەتوانێ رۆڵی کاریگەری هەبێ، بە پشت بەستن بەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی کە کۆکراوەی تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژی هاوبەشە لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقداو، هەروا بە کۆکردنەوەی وزەی توێژە جیاجیاکانی گەلی کوردستان و، لەسەرووشیانەوە هێزی لەبن نەهاتووی ئافرەتان و زەحمەتکێشان و پەیامبەرانی رۆشنبیری، خاوەن بەرژەوەندی راستەقینە لەسەرخستنی ئەزموونی هەنووکەداو، لە رێگای رێکخستنەوەی یەکێتی حزب لەسەر زەمینەی نوێخوازی و قووڵترکردنەوەی دیموکراسی و کەشی راستگۆیی و راشکاوی و گوتنی راستی.. هەمیشەو هەموو راستییەکان. باشترین بڕیارەکان و نزیکترینیان لە دروستییەوەو، بڕواپێکراوترینیان لای جەماوەری حزب، وەکو بنەمایەکی گشتیش، دەکرێ لە میانەی گفتوگۆیەکی جیددی و راستگۆیی نێوان راو بۆچوونە تایبەتەکانەوە بێ، بەڵام لە چوارچێوەی یەکێتییەکی پتەوی هۆشیارەوە، کە بەبێ وی حزب رۆڵ و کاریگەرێتی لە دەست دەدات.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێم وا نییە حزب ئاگاداری نەبێ، ئەویش بوونی رێژەیەکی بەرفراوانی ئەوانەیە کە حەز دەکەم بە ناحزبییەکان، یان بە واتایەکی وردتر نارێکخراوەکان ناویان ببەم، ئەوانەی کە بەهۆی هۆکاری جیاجیاوە خۆیان لە دەرەوەی رێکخستنی حزبدا دۆزیوەتەوە، بەڵام بەهۆی زیاتر لە هۆکارێکەوە بەلای حزب و فکری حزبداو، بەلای سۆسیالیزم بە گشتی، لادەدەنەوە، سۆزی رۆژانی رابردوویان و، ئەو کەشە پڕ تێکۆشانەی کە تێیدا ژیان دەیانبزوێنێ ژمارەیەکی زۆری ئەوانە، ئێستا بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پتەوو پەیوەندییەکی جەماوەری بەرفراوانیان هەیە. بۆیە زۆر پێویستە پەیوەندییەکی نەرم و هەمەچەشن لەگەڵ ئەم ناوەندەدا ببەستین، کە خۆی نزیك لە حزب دەبینێتەوە، بەڵکو هەندێکیان بە هۆشیاریی پسپۆڕو گوڕو تینی لاوانەوە بەرگری لە حزب و سیاسەتەکانی دەکەن. ئەوانە جەماوەری ئێمەن، لە هەمان کاتیشدا پردێکن لە پردەکانمان بۆ نێو جەماوەری بەرفراوان، ئەوەش دەیانخاتە ئەو جێیەی کە دەتوانن رۆڵێکی گرنگ لە چالاکییە جەماوەرییە دیموکراتییە گشتییەکاندا بگێڕن:

هاوڕێ عەزیز محەمەد ئاماژەی بەوەش کرد کە:

هەروەك سەردانی وەفدی رۆشنبیرانی عەرەب بۆ کوردستان، بە تایبەتیش ئەو ئاهەنگانەی کە بۆ یادکردنەوەی سەدساڵەی جەواهیری نەمر سازدران و، کۆمەڵێك رۆشنبیری جیهانی عەرەبی بەشدارییان تێدا کرد، باڵاترین هەستەکانی برایەتی رەنگی تێدا دایەوەو، رۆشنایی خستە سەر کێشەی گەلی کوردو رەوایەتی کێشەکە.. بەردەوامبوونی ئەم چالاکییانە لە توانایدایە پەیوەندی برایانەی کوردو عەرەب پتەوتر بکات و، رێگە لە بەردەم بینایی ناوەندی کاریگەر بکاتەوە لە دروستکەرانی رای گشتی عەرەب، بۆ خوێندنەوەی واقیعی گەلی کوردمان و، تێگەیشتنی تێکۆشان و خەونە رەواکانی.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە:

بزوتنەوە کرێکارییەکەمان شکستی خوارد، شکستێك کە هەموو دونیای هەژاندو، بوو بە ناسۆرێك لە ناخ و ویژدانی لایەنەگرانمان و ناوەندە پێشکەوتنخوازو زەحمەتکێشەکانی تەواوی دونیادا. هەروا دڵخۆشییەکی گەورەو خۆشییەکی قێزەون بوو لای دوژمنانی، کەوای لێ کردن وەهمی ئەوە بکەن کە ئەو شکستەیە هەستانەوەی لە دوادانایەو، کۆتایی بزووتنەوەی مێژووە. ئەگەر رۆژانی ئۆکتۆبەری سەرەتای ئەم سەدەیە دوونیای هەژاندو، وەرچەرخانێکی گرنگی لە مێژووی بەشەرییەتدا هێنایە ئاراوە، ئەوا شکستە ماڵوێرانەکەش دیسانەوە لە کۆتایی هەمان سەدەدا جیهانی هەژاندەوە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای پێخۆشبوون و گاڵتەپێکردنی پێخۆشبووان و زەبەلاحیی شکستەکە بە هەموو پێوەرەکان، کەچی بزووتنەوەی مێژوو بەرەوپێشەوە دەڕواو، بزووتنەوە سۆسیالیستەکەمان رێگای هەستانەوە هەر دەدۆزێتەوە، جا زوو یا درەنگ، ئەمەش بە پشت بەستن بەهێزو رەوایەتی و زیندوێتی هزرەکانی سۆسیالیزم و، بە کەڵك وەرگرتن لە وانەکانی شکستییەکەو، هۆکارەکانی و ئەو هەڵەو لادانانەی کە بوونە هۆی روودانی، چ لە پراکتیك داو، چ لەو تیۆرو گوتانەدا کە پیرەوبوون و کاتیان بەسەرچووو چ بەهۆی هەردووکیان بە یەکەوە. بە گوتەیەکی تر، پێویستە لەسەرمان لە هەموو لایەنە سەرەکییەکانی کێشەکە تێ بگەین؛ ئەوەی روویدا بۆچی روویداو، بەردەوام بین لەسەر تێکۆشانی بێ وچان و، پابەندبین بە بەهاکانی سۆسیالیزم، کە خەون و ئایندەی مرۆڤایەتی و، ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سەرمایەدارییە.